# ئاشتبوونەوە لەگەڵ ڕەنگدا

**شیعری ـ حەمەشوان شەریف**
Hamashwan1@hotmail.com

**لەئێوارەیەک کاڵترم**
**بۆلێوت سوور نەکردووە !**
**بۆنازانی ئەم ئێوارە**
**تیشکی خۆرم ونکردووە .**
**من نە ئاسمانێ شکئەبەم**
**نە ئەستێرەم ماچکردوە ..**
**لە تاریکی وەرزی بوونما**
**پێکەنینت لەمن دیووە ؟**
**ئەی باشە بۆ؟ بە بارانت**
**گوڵێکت بۆم نەچاندووە !؟.**
**کچێ !***
**کەی فێرئەبی ! ئەولێوانە**
**بۆ یەکتری دروست بووە ..**
**بروابکە ماچ ڕەنگدارە**
**هەرکاتێ کاڵ ئەبێتەوە .**
**پەنابەرە بۆ ڕەنگی ماچ**
**وەک گوڵ ئەگەشێتەوە .**

**سلێمانی**